https://www.doi.org/10.31918/twejer.1922.3

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# جوانيى ئافرەت لەنێوان (گۆران و هەردى)دا

# لە هەردوو دەقە شيعرى (لەدرزى پچەوە) و (چاوەڕوانى بێ هوودە)

م. ى. ڕەنجدەر ازاد عزيز
زانكۆى كۆيە-زانستە مرۆڤايەتييەكان

م. ى. شاخەوان باوەددين كريم
زانكۆى كۆيە پەروەردە

Shakhawan.bawadin@koyauniversity.org
Ranjdar.azad@koyauniversity.org

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (جوانیی ئافرەت لەنێوان گۆران و ئەحمەد هەردیدا) لە هەردوو دەقە شیعری (لەدرزی پچەوە و چاوەڕوانی بێ هوودە) لێکۆڵینەوەیەکە لەبواری هاوسەنگیی ئەدەبیدا، کە تیایدا توێژینەوەکەمان دابەشکردووەتە سەر دوو بەش: لە بەشی یەکەمدا تیایدا باسێکی کورتی مێژوو و چەمک و پێناسەی هاوسەنگیی ئەدەبی و باسی جوانیی ئافرەت و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتدا خراوەتەڕوو، لەگەڵ پیشاندانی چەمکی کاریگەری و کارتێکردن لەنێوان هەردوو دەقەکەدا، لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا سەرجەم خاڵی هاوبەش و نزیکایەتی و پەیوەندی پەیوەست بە جوانیی ئافرەت لەسەر هەردوو دەقەکەدا پراکتیزەکراوە.

**وشە کلیلییەکان:** ئەدەب، هاوسەنگیی ئەدەبی، شیعر، جوانی، جوانیی ئافرەت

## جوانیی ئافرەت لەنێوان (گۆران و هەردی)دا

## لە هەردوو دەقە شیعری (لەدرزی پچەوە) و (چاوەڕوانی بێ هوودە)

(لەدرزی پچەوە)ی (گۆران)ی شاعیر، یەکێکە لەو شیعرانەی، کە لە لوتکەی ڕۆمانسیدایە، تیایدا سەرچاوەی ئیلهامی شیعرەکە لە جوانی و ناسکیی ئافرەت وەرگیراوە. لەگەڵیدا (چاوەڕوانی بێ هوودە)ی (ئەحمەد هەردی)یش بە هەمان شێوە شاعیر دەقەکەی لەسەر وێنای جوانی و خۆشەویستیی ئافرەتێک بنیادناوە. کە دوو شاعیری هاو (نەتەوە - زمان)ن، لەنێوان هەردوو دەقەکەدا ئەوەی پەیوەستە بە جوانیی ئافرەتەوە، هەست بەنزیکی و لێکچوونێکی زۆر دەکرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەم توێژینەوەیەدا دەمانەوێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەبواری هاوسەنگیی ئەدەبیدا، جوانیی ئافرەت لەنێوان هەردوو دەقەکەدا بخەینەڕوو، لەگەڵ دۆزینەوەی خاڵە نزیک و هاوبەشەکانی نێوانیان.

### هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

١-وەک دیارە لەنێو دونیای لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بەگشتی، ئاوڕێکی ئەوتۆ لە هاوسەنگیی ئەدەبی نەدراوەتەوە، ئەوەی کراویشە بۆ سەردەمانێکی زوو دەگەڕێتەوە، هەروەها دەرکەوتنی (بەراوردی ئەدەبی) لە سەدەی نۆزدەدا ئەم جۆرە ئەدەبەی زیاتر خستە پەراوێزەوە.

٢-(گۆران)ی شاعیریش وەک ڕابەرێکی ڕۆمانسیزمی کوردی لە دوای خۆیەوە ڕێچکەیەکی جێهێشت، کە بەشێکی زۆری شاعیرانی دوای خۆی درێژەپێدەری ئەم ڕێچکەیە بوون و کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی گۆرانەوە.

### گیروگرفتی توێژینەوەکە:

بێگومان بابەتێکی لەم جۆرە کە ئاوڕێکی ئەو تۆی لێ نەدرابێتەوە، بێ کێشە و گرفت نابێت، ئەمەش لە کەمی سەرچاوە و نەبوونی کتێبی تایبەت بەم

باسـە، کە هـەر لەسـەرەتاوە لەلایـەنی تیۆرییـەوە، بـوون بەبەربەسـت لەبـەردەم توێژینەوەکەدا.

## گرنگی توێژینەوەکە:

ئاوڕدانەوە لە بابەتێکی لەو جۆرە خزمەتێکی بەرچاوی ئەدەبیاتی نەتەوەیی دەکات و لەگەڵیشیدا ئاستی توانا و لێهاتوویی نووسەرانی نەتەوەیی بۆ خوێنـەر دەخاتەڕوو و بنج و بناوانی دەقەکان شیدەکاتەوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەم توێژینەوەیەدا سودمان لە میتۆدی (وەسفیی شیکاری) بینیوە.

## ١-١هاوسەنگیی ئەدەبی: مێژوو، چەمک و پێناسە:

هاوسەنگیی ئەدەبی ئەرکی بەراوردکردنی نێوان دوو دەقی ئەدەبییە، کە لـە سنووری ئـەدەبی نەتـەوەیی دەرناچێت، واتـە هاوزمـانی مـەرجی سـەرەکی ئـەم بوارەیـە، لـە کۆنـدا تـەنیا هاوسـەنگکردنی نێـوان دوو شـاعیر یـا زیـاتر بـووە بەمەبەستی پیشاندانی فەزڵی یەکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا، بەپێی سەلیقەی ئەو کەسانەی کە دادوەرییان دەکرد. بەڵام دواتر لەلایەن توێژەرانی بـواری ڕەخنـەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراوردەوە چەندین ناسـاندنی بەبـەرداکرا، لەوانـە "هاوسـەنگی واتـا زانینـی ئـەو واتایانـەی کـە دوو ئـەدیب لەسـەری کۆکن یـا نـاکۆکن، تـوێژەر هاوسەنگی دەکات لـەنێوان واتاکـان بەشـێوەیەک دیـاری دەکـات کامـەیان باشـتر واتاکەی بەکارهێناوە" (الأمدی,١٩٩٤,ص٤١١) بەپێی ئەم پێناسەیە بێت، میکانیزمی لێکۆڵینەوەی هاوسەنگیی ئەدەبی لێرەدا دۆزینەوەی واتا و مەبەستە، لەگەڵیشـیدا مـەرج نییـە هاوسـەنگییەکە هەمیشـە لەسـەر بنـەمای واتـا و مەبەسـتی دەقـە ئەدەبییەکـە بێت، زۆرجـار لەسـەر بنچینـەی جوانی و ڕازاوەیـی دەقـەکان بنیـاد دەنرێ، بۆ نموونە دەوترێت، لە شیعردا "هاوسەنگی لـەنێوان دوو دێڕ یـان دوو پارچـــە شـــیعردا دەکرێـــت ئەگـــەر لـــە کـــێش و ســـەروادا وەک یـــەکبن"

(الأمــدي,١٩٩٤,ص٢٢٩), یــانیش دەوترێت"بریتییــە لــە بــەراوردکردنی نێــوان ڕەگـەزەکانی ئـەدەب و هونـەرەکان، یـا سـەردەم و نووسـەران بـە مەبەسـتی ڕوونکردنەوە و پاڵپشتی کردن" (عبدالکریم،٢٠١٧،ل٢٤٥)، بەستنەوەی هاوسەنگیش بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە لەوەوە خۆی دەبینێتەوە، کە ئەرکی ڕەخنە خستنەڕووی دەق و شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و هەڵسـەنگاندنە، لە هاوسـەنگیی ئەدەبیشـدا، وەک ئـەرکێکی ڕەخنـەی ئـەدەبی، ڕەخنـەگران زۆرجـار بـۆ هەڵسـەنگاندنی دەقـە ئەدەبییەکان، هەوڵیانداوە لەڕێگەی هاوسەنگکردنەوە ئەم کارە ئەنجام بدەن، کاتێ ویسـتوویانە هەڵسـەنگاندن بـۆ دەقێـک بکـەن هـاتوون دەقـی نووسـەرێکی هاوسەردەم و هاوزمانی خۆیان، بۆ هێناوە و لەو ڕێگەوە بەراوردیان کردوون، دواجـار بڕیاریـان لەسـەر باشـی و خراپـی و فـەزڵی یـەکیان بەسـەر ئـەمی دیکەیانـەوە کـردووە. لێرە و لـەوێ نووسـەران و لێکۆڵـەرانی ئـەدەبی، پێناسـەی جۆراوجۆریان کردووە، لەوانە (زکی مبارک) لە کتێبی (الموازنـة بین الشـعراء)دا بەم جۆرە باسی هاوسەنگی دەکات "هاوسەنگی بەشێکە لـە ڕەخنـەی ئـەدەبی و بەشێکیشـە لـە وەسف، بـەو هۆیـەی کـە هـەم هاوسـەنگی دەکات لـە نێوان دوو شــاعیر و هــەم وەســفی دەکــات و بەرهەمــەکانیان بــە وردی دەخاتــەڕوو" (مبـارک،٢٠١١١،ص٢٣)، لێرەدا هاوسـەنگی ئـەرکی وەسـفکردن و هەڵسـەنگاندن و خستنەڕووی وردەکارییەکانە، هەرچی پێناسەی (خسرەو فرشید ورد)ە، تاڕادەک جیاوازترە، مەبەست لە هاوسەنگیی ئـەدەبی" بـەراوردکردنی نێوان دوو شـاعیر، کـە لەیــەک کاتــدا ژیــابن و ئاگــاداری بەرهــەمی یــەکتریش نــەبووبن (ئــەوەی ناودەبرێـت بـە هـاوبیری)، یـانیش زمـانێکی هاوبـەش لەنێوانیانـدا هـەبێت، پێـی دەوترێـت هاوســەنگی" (فرشـید ورد،١٣٦٣،ص١٨)، بــەپێی ئــەم پێناســەیە بێــت، هاوسەنگکردنی نێوان دوو شاعیری هاوسەردەمە، کە هاوزمـان و هاونەتـەوەن، دەشێ ئاگاداری بەرهەمی یـەکتربن و دەشـێ بێ ئاگابن. کەواتـە هاوسـەنگی لـە سـنووری ئــەدەبی نەتەوەییدایــە، تــەنیا ئــەرکی نیشــاندانی گەشــە و فــەزڵ و ســەروەری و بــەردەوامی و بەخششــی نووســەرانی هاوســەردەم و هاوزمانــە بەرامبەر بەیەکتر، خسـتنەڕووی چۆنیـەتیی پەیوەندییان بـە ڕابردوویانـەوە. گـەر سەرنج بدەین دەبینێن سەرجەم ئەو ناساندنانەی بۆ هاوسەنگی کراون لـە یـەک

خولگـــەدا دەســـوڕێنەوە، کـــە ئـــەویش بەراوردکردنێکـــە لـــەنێوان بەرهـــەم و ڕەگەزەکانی ئەدەبیدا ئەنجامدەدرێت، کە هەڵگری یەک زمان و نەتەوەن. بێگومان ئەمەش سوود و گرنگیی خۆی دەبێت، چونکە کارئاسانیی دەکات بۆ خوێنەر لە دەرخستنی ناسنامە و کەسایەتیی نووسەری دەقەکە، ئاشنایدەکات بە ئاستی داهێنـانی دەقـە نەتەوەییـەکان، ئەمـەش لـەو ڕوونکردنەوەیـەی کـە لێکۆڵـەری هاوسـەنگی بـۆی ئـەنجام دەدات، جگـە لەمانـەش ئـەوەمان بـۆ دەخاتـەڕوو کـە نووســەری دەقــەکان، تــا چ ڕادەیــەک پابەنــدە بــە ئــەدەبی نەتەوەییــەوە. (عبـدالکریم،٢٠١٧،ل٢٥١)، کـە خـۆی لەخۆیـدا ئاشـناکردنی زیـاتری خوێنـەر و ئەدیبدۆستانە بە ئەدەبی نەتەوەکەیانەوە.

هاوسەنگیی ئەدەبی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ڕەخنەی ئەدەبی مێژوویەکی دێرینـی هەیـە، سـەرەتاکانی دەرکـەوتنی ئـەم ئەدەبـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەدەبیاتی کـۆنی یۆنـانی، لـەم ڕووەوە شـانۆنامەی (بۆقـەکان)ی (ئەرسـتۆڤانس ٣٨٦ پ. ز کۆچی کردووە)، تائێستا یەکەمین تۆمار و بەڵگەی بەجێماوی ئـەم بوارەیـە، کە تیایـدا لـەنێوان دوو شانۆنووسـی تراجیـدی ئەوسـای یۆنـان، کـە ئـەوانیش (ئەسـخیلۆس و یوربیـدس) بـوون، پێوانـە و هاوسـەنگی دەکـات، کـە پوختـەی نمایشـــنامەکە، بـــاس لـــەوەدەکات: ((خوداوەنـــدی بـــەروبووم و کشـــتوکاڵ (دینوسـیوس) لـە جیهـانی زینـدوان، لەگـەڵ (هێرکلیس) وتوێژدەکـات بـۆ ئـەوەی وێنـەی ئـەو بەبەرخۆیـدا بکـات و بـڕوات بـۆ جیهـانی مـردوان، پێسـتەی شـێر دەکاتەبـەر، لەهـەمان کاتـدا کۆیلەیـەکی گاڵتـەجار لەگـەڵ خۆیـدا دەبـات، بـەناوی (گسانتیاس)، بەیەکەوە دەگەن بە ڕوباری (ئستوخس) لەجیهانی مـردوان، لەوێدا (خارون)ی بەلەمەوان دەبینن، کـە ڕوحیانەتـەکان لە ڕووبارەکەدا دەپەڕێنێتـەوە، ئـەو دینوسـیۆس و هاوڕێکـەی سـواری بەلەمەکـەی دەکـات و بـۆ ئـەو بـەری ڕووبارەکـە دەکەوێتـەڕێ. لـەو کاتـەدا دەنگـی بۆقـەکان سـەرنجیان ڕادەکێشـێ، ڕووداوێکی پێکەنیناوی بۆ دینۆسیۆس دێتە پێش. سەبارەت بە پێشبڕکێی نێوان (ئەسخیلۆس و یوربیدس)، دینۆسـیۆس لەنێوانیاندا ئەسـخیلۆس هەڵدەبژێرێت و لەگـەڵ خۆیـدا دەیگەڕێنێتـەوە جیهـانی زینـدوان. (اصـلانی،١٣٩٥،انترنیت) بێگومـان ئەرستۆڤانس ویستوویەتی لـە ڕێگـەی کۆمیدیاوە چەند مەبەسـتێکی ڕامیـاری و

ئەدەبی بپێکێت، لەوانە: لەم شانۆگەرییەدا دەیەوێت تراجیدیا وەک گاڵتەجاڕییەک نیشان بدات، ڕۆیشتن بەرەو جیهانی مردوانیش، بە مردنی تراجیدیا لەقەڵەم دەدات، هەروەها گەڕانەوەی شانۆنووسێکی مردوو بۆ جیهانی زیندوان جگە لە گاڵتەکردن بە شکۆی تراجیدیا هیچی تر نییە.

گەر ئەدەبی کۆنی یۆنانی سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم بواری ئەدەبە بێت، ئیتر لەوێدا کۆتایی نەهاتووە و ڕەگ و ڕیشەی ئەم جۆرە ئەدەبە لەنێو ئەدەبی میللەتانی دیکەشدا دەرکەوتووە و بوونی هەبووە، لەوانەش لە ئەدەبی عەرەبیدا دەتوانرێ چەندین جار بەدی بکرێت، لەوانە عەرەبەکانی سەردەمی جاهیلی کە شیعر و شاعیران لەلایان پێگەی باڵایان هەبووە، ئەوان تەنیا شاعیرانی چینی باڵایان قبوڵبووە، کە بەسەر چەند دەستەیەک دابەشیان کردوون، بەپێی زەوق و سەلیقەی تایبەتیی خۆیان جیاوازییان لەنێواندا کردوون. دوابەدوای ئەمە لە سەردەمی ئیسلامیش هاوسەنگی لەنێوان شاعیراندا موشتومڕ و پێشبڕکێی بەهێز هاتۆتە ئاراوە لەنێوان (جریر و فرزدق) هەندێ لەشاعیران هەواداری (فرزدق) بوون و هەندێکیشیان پشتیوانییان لە (جریر)دەکرد. هەروەها لەبارەی فەزڵ و زاڵبوونی هەریەک لە (ابو تمام و بحتری) ببوو بەباس و خواسێکی گرنگ لە ئەدەبی عەرەبیی ئەوسادا.

هاوسەنگی لە مێژووی ئەدەبی ئەورووپاشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، بەتایبەتیش لەبارەی مشتومڕی (باشترین) لەنێوان (کۆرنی و ڕاسین) کە هەردوو نووسەری تراجیدی بەناوبانگی سەدەی هەڤدەهەمی ئەدەبی فەرەنسین، لەدواییدا ئەو جیاوازییانەی کە ڕەخنەگران لەم بارەوە کردیان ئەمە بوو کە ڕاسین مرۆڤ بەو شێوەیە دەخاتەڕوو کە هەیە، یاخود هەموو ئازار و نەهامەتی و ئارەزوو و ناتەواوی ... ئەو وەسف دەکات، لە کاتێکدا کۆڕنی مرۆڤ دەبێت بەو جۆرە بێت لەگەڵ هەموو داواکارییەکانی ڕەوشتی و ئەرکی شارستانی و بنەماڵەوە ئەو وەسف دەکات. ئەمە مشتومڕی نێوان هەموو ئەو کەسانەبوو کە بەشێکیان لایەنگری کوڕنی و بەشەکەی دیکەشی لایەنگری ڕاسین بوون (زرین کوب،١٣٦١،ص١١٩).

تاموبۆی هاوسەنگیی ئەدەبی وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە لەنێو ئەدەبی فارسیی کۆندا نەریت بووە، بەڵام بەشێوەیەکی پوخت و کتابی نەبووە، جار جار لەنێو شاعیراندا بە شیعر باس و خواسی لەبارەوە کراوە، لەنێو مەجلیس و کۆڕ و کۆبوونەوە ئەدەبییەکاندا، ئەو پرسیارانە خراونەتەڕوو، بۆ نموونە بە ڕای ئێوە فلان شاعیر مەزنترینە لە فلان شاعیر؟ بەم جۆرە نێوەندگیرییان کردووە لەنێوان شاعیرانیاندا، بۆ نموونە لەسەردەمی شاعیری ناوداری فارس (ئەنوەری) قسە و باسی زۆر خرابووەڕوو لەبارەی ئەوەی کە ئەو باشترە، یا شاعیری سەردەمی خۆی (فتوحی مروزی). (شمیسا،١٣٩٤،ص١٢٤) بێگومان هەموو ئەو هاوسەنگی و پێوانەکردنانە لەنێوان شاعیراندا لە کۆندا بنەمایەکی زانستی و ئەدەبی ئەوتۆی نەبووە، زیاتر لەسەر بنەمای زەوق و چێژ و دەمارگیری وەستاوە، کە بڕیاردان لەسەر باشی و خراپی شاعیرەکان تەنیا وەستاوەتە سەر هەست و سۆزی تایبەتی و بەرژەوەندیی کەسی.

### ١-٢ جوانیی ئافرەت:

جوانیی ئافرەت لای شاعیران بابەتێکی هەرە گرنگ و بنچینەییە، لەهەر سەردەم و کاتێکدا بووبێ بەشێکی شاعیران سەرچاوەی ئیلهامی خۆیانیان لێوەرگرتووە و بووەتە هەوێنی داهێنانی جوان و بەپێز، جا چ لەلایەنی جوانی و جەستەییەوە بێت، یا جوانیی ناخ، لەم بارەوە پەندێکی کۆنی ئەڵمانی هەیە، دەڵێت: "گشت پیاوێک حەووایەکی (ئافرەت) لە دەروونی خۆیدا هەیە" (گرین، دیگران...،١٣٨٣،ص١٨٣)، ئەمەش بۆ سەرجەم شاعیران بە ڕاست دەکەوێتەوە، هەریەکێک لەوان ئافرەتێکی لە ناخی خۆیدا هەڵگرتووە و سەرچاوەی ئیلهامی خۆی لێوەرگرتووە، بێگومان ئەمەش بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزە دەگەڕێتەوە، کە لە سەرەتاکانی دروست بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە ئافرەت و پیاوی بەیەکەوە بەستاوەتەوە و یەکتریان تەواوکردووە، "ئافرەت لە سەرەتاکانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە تا ئێستا، وەک هاوبەشی ژیانی پیاو دەبینرێت و بەشێکی فراوان لە خەیاڵ و هەست و سۆزی پیاوان پێکدەهێنێت"(عطاش-سپار،١٣٩٢،ص٨٣)، بەڵام چۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵیدا لە قۆناغێکەوە بۆ

قۆناغێکی دیکەی ئەدەبی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، جگە لەمەش لەنێو ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکاندا چوونیەک نییە، لەوانە:

**-جوانیی ئافرەت لە ئەدەبیاتی کلاسیک:** هەرچی ئەدەبی کۆنی کورد، کە بە کلاسیک ناسراوە، هەڵگری سەرجەم ئەو پێوەر و ڕێسایانەبووە کە لەنێو شاعیرانی ڕۆژهەڵاتدا پێڕەویان لێکراوە، بەمەش کاتێ باسی جوانیی ئافرەت دێتە پێشەوە هەمان دیمەن و هەمان وێنامان نیشاندەدەن، کە لە لایەن شاعیرێکی فارس و عەرەبەوە لەبارەی جوانیی ئافرەتەوە خراوەتەڕوو. کە تیایدا جوانیی ئافرەت جوانییەکی بابەتییە، بەم شێوەیەی، کە "بەژنی وەک ئەسپ، موو ڕەش، ئەبرۆ کەوان، زولف داوداو، بەژن باریک، خونچە لێو، گوڵ ڕوخسار، نەرم ئەندامە. بەهەشتێکە پڕ لە ڕەنگ و بۆی وەفاداری و میهرەبانی و خۆڕاگر و ژیر و لە خواترسە" ( مکاریا،١٣٩٢،ص١٥) یانیش ئەدەبێکە کە "ژن تیایدا تەنیا لە چاو و برۆ و دەم و لێودا کۆکراوەتەوە"(بهبهانی،١٣٨٨،ص٢٠)، ئەدەبی کۆنی کوردیش کە لە بابەتاهیرەوە دەست پێدەکات، دواتر جەزیری و سەیدای هەوارامی و تا دەگاتە چارەگی یەکەمی سەدەی بیست و نوێبوونەوەی ئەدەبی کوردی، دەبینین ئەوەی پەیوەستە بە ئافرەتەوە، لەژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتە، تەنیا لە دەوری وەسفی جوانی بەژنوباڵا و ڕووخسار دەسوڕێتەوە، کە تیایدا ئەندامەکانی ئافرەتیان بە سروشت چواندووە، لەوانە شاعیرانی کلاسیک لە وەسفی ئافرەتدا ئەوانەیان لاجوانبووە، کە دەم و چاوی پان و گەشبێ لە شێوەی مانگ و بەژن و باڵایەکی بەرز و باریک کە خۆی لە عەرعەر و چنار بدات و زولفی درێژ و ڕەش لە شێوەی مار پێچی خواردبێت، برۆ بە شمشێر و کەوان ...(احمد،١٩٩٠،ل٣٨-١٠٨).

**-جوانیی ئافرەت لە ئەدەبیاتی ڕۆمانیسزم:** کاتێ باس لە ئافرەت و جوانییەکەی دەکرێت لای نوێگەران و ڕۆمانسییەکان، لەگەڵ خستنەڕووی خەم و ئازار و ئەرک و مافەکانیان، جوانی و ناسکییەکەشی بەشێکی گەورەی ئەم ئەدەبە پێکدەهێنێت، ئەو تازەگەری و نوێبوونەوەیەی لەنێو ئەدەبی کوردیدا لە چارەگی یەکەمی سەدەی بیستدا ڕوویدا، ئەدەبیاتی ناوچەکەی بەگشتی گرتەوە،

پێـوەر و قاڵبـەکانی کلاسـیک تێـک شـکێنران، لەناویشـیاندا ئـەو پێوەرانـەی پەیوەسـتبوون بـە جـوانیی ئافرەتـەوە، دەبینین هـەر لەسـەرەتاوە باسـی جـوانیی ئافرەت لە بابەتییەوە گۆڕا و بوو بە خـودی، ڕەنگە ئەمـەش پەیوەست بێ بەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەو پێشکەوتنانەی لە دوای سەدەی بیستەوە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا ڕوویدا، کە تیایدا تاک بەگشتی گۆڕانکـاری بەسـەرداهات و بەشـێکی پێشـکەوتنەکانی کۆمەڵگـەی ڕۆژئـاوایی وەرگرت، هەر لە ئاستی ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە بیگرە تا هەڵسوکەوت و جل و بەرگیش، ئەمەش ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە گۆڕانی ڕوخسار و دەرکەوتنی بەشـە شاراوەکانی ئافرەت، ئەو ئافرەتەی کە پێش سـەدەی بیست هـەموو مـافێکی لـێ سەندرابوەوە و لە سوچێکی ماڵدا خەریکی بەخێوکردنی ماڵ و منداڵ بوو، کەم کەم کرانەوەیان بەخۆوە بینی و بوون بە خاوەن کار و مۆدە، قژیان بڵاوکردەوە و پـاپوچ و پـێڵاوی پاژنـە بـەرزیان کـردە پـێ و تـەنوورە و کراسـی قۆڵکورتیـان پۆشی، ئەمـەش وایکرد جیـاوازتر لەبـەرچاوی شـاعیرانی ڕۆمانسـی دەربکەون، دواجاریش گۆڕانکاری بەسەر وەسفی شاعیراندا هێنا لەبەردەم جوانیی ئافرەتدا، جوانیی ئافرەت لە بابەتییەوە گۆڕانی بەسەر داهات بوو بە شتێکی خودی لـەنێو شـاعیراندا، هەریەکـە و بـەپێی سـەلیقە و دونیـابینیی خـۆی وێنـای ئـافرەتێکی بەرجەستە دەکرد لە شیعرەکانیدا.

## ١-٣چەمکی کاریگەری و کارتێکردن لە نێوان هەردوو دەقەکەدا:

وەک ئاشکرایە چەمکی کاریگەری و کارتێکردن وەک دووبابەتی سەرەکیی نێو دونیای ئەدەبی بەراورد، کە لێکۆڵەری بەراوردکار بەدوایاندا دەگەڕێت لـەنێو ئـەدەب و نووسـەرە جیاوازەکانـدا کـە هـەڵگری زمـان و نەتـەوەی جیـاوازن، لەپاڵیشـیدا ئـەم کاریگـەری و کارتێکردنـە مـەرج نییـە هـەر لـە نەتـەوە و زمـانی جیاوازدا ڕوویدات، بگرە ئەوەندەی لەنێو ئەدەبیات و نووسـەرانی یـەک نەتـەوەدا دەبینـرێ، کـەمتر لـەنێو نەتـەوە جیاوازەکانـدا هەسـتی پێـدەکرێ، چونکـە هـەر نووسەر و ئەدیبێک بەر لەوەی لە نووسیندا بکەوێتە ژێر کاریگەری نووسەرانی بیانی، پێشتر کاریگەری نووسەرانی هاوزمـانی خۆی ڕەنگدانـەوەی بەسـەریەوە

دەبێت و لەژێر کاریگەریی نووسینەکانی ئەواندا هەنگاودەنێ، دۆزینەوەی ئەم چەمکی کاریگەری و کارتێکردنەش ئەرکی لێکۆڵەرە لەبواری (هاوسەنگی ئەدەبی)دا، هەربۆیەشە بەر لە دەرکەوتنی بەراوردی ئەدەبی هاوسەنگیی ئەدەبی بوونی هەبووە، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە زاین، مەبەست لەو لێکۆڵینەوەیە کە بەراوردی ڕەگەز و جۆر و بنەما هونەرییەکانی نێوان ئەو ئەدەبانەی کە هەڵگری یەک زمان و کەلتوور و نەتەوەن، دەکەن، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی خاڵی لێکچوو و جیاوازەکان و دۆزینەوەی چەمکی کاریگەری و کارتێکردن لە نێوانیاندا، جوانیی ئافرەتیش وەک بیرۆکە و مەبەستی دەقی شیعری بابەتێکی گرنگی هاوسەنگییە لە هاوسەنگکردنی نێوان شاعیران.

## سەبارەت بەدەقە شیعری (لە درزی پچەوە)ی (گۆران)[1]:

بۆ دۆزینەوەی چەمکی کاریگەری و کارتێکردن لەنێو هەردوو دەقدا، بەر لەهەموو شتێک پێویستە بزانین ئایا هەردوو شاعیر تا چەند پەیوەندی و نزیکییان لەگەڵ یەکتری هەبووە و ئاگاداری بەرهەمەکانی یەکتری بوونە، بۆئەوەی زیاتر پەیوەندی و لێکنزیکبوونەوەی هەردوو شاعیر بدۆزینەوە، دەکرێت ئاماژە بە وتەی (مامۆستا عومەر عارف شێخ مەحمود) بکرێت کە لەسەر زمانی گۆرانی شاعیرەوە دەیگێڕێتەوە سەبارەت بە هەردی، دەڵێت:"هەردی قوتابخانەیەکی تایبەتییە لە شیعری کوردیدا و شوێندەستی لە هەڵبەستەکانیدا دیارە"(عەزیز،١٩٨،ل٩٥). کەواتە هەردوو شاعیر لەنزیکەوە یەکتریان ناسیوە، دواتر ساڵی بڵاوکردنەوەی دەقەکانە کە کارئاسانی دەکات بۆ دۆزینەوەی کاریگەری و کارتیکردن لەنیوان هەردوو دەقەکەدا، گۆران لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بە ساڵی نووسینی دەقەکەی نەکردووە، بەڵام ئەوەی لە ناوەرۆک و لێکدانەوەی خودی شیعرەکە و قۆناغەکانی نووسینی شیعری گۆراندا دەردەکەوێت، لە ڕوانگەی چەند سەرنجێکەوە، دەتوانین ساڵی نووسینی دەقەکە بەنزیکی دیاری بکەین:

١- ئەم دەقە خۆی لەخۆیدا دەقێکی ڕۆمانسی و پڕ لەهەست و

سۆزی دڵدارییە، یەکێکە لە دەقە شیعرییەکانی ناو کۆمەڵە شیعری (بەهەشت و یادگار)، کە گۆران لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت: "بەهەشت و یادگار، کۆمەڵە شیعرێکە لە دیوانەکەم سەرانسەری لەگەڵ بابەتەکانی جوانی و دڵداری خەریکە، هەڵبەستی وای تیایە بیست و پێنج ساڵ، بەڵکو زیاتر، لەمەوپێش دانراوە، هەر وەکوو هی چەند مانگێک لەمەو بەریشی تیایە"(مەلاکەریم،١٩٨٠،ل٣)، ئاماژە بەوەش دەکات کە شیعرە کۆنەکانی بە کێشی عەرووزی نووسیوە، کەچی نوێیەکانی بە کێشی خۆماڵی (پەنجەیی)نووسیوە.

بۆیە گەر سەرنج بدەینە دەقەکە، دەبینین ئەم دەقە شیعرییە لە دەقە تازەکانی نووسەرە، لەبەر ئەوەی کێشی دەقەکە کێشی (١١ بڕگە)ی خۆماڵیی کوردییە، ئەمەش هەنگاوێک نزیکمان دەکاتەوە لەوەی کە ساڵی دەقەکەمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

٢- بەڕای دکتۆر هیمداد حوسێن: "واپێدەچێت ئەم دەقە شیعرییە هی سەرەتای چلەکان بێت، لە بەردوو هۆکار، یەکەمیان: چونکە ئەوکات بینای بەرز و پێڵاوی پاژنەبەرز لە سلێمانیدا دەرکەوتووە، دووەمیان: شیعرەکە هی لوتکەی ڕۆمانسییەتە، چونکە لە (١٩٤٥) بەدواوە زیاتر شیعری سیاسی نووسیوە، تێکەڵی دونیای سیاسەت و نووسینی ڕیالیزمی بووە" (هیمداد حسین،٢٠١٨،؟)

لەمەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی بڵێین، واپێدەچێت، کە گۆران لە نێوان ساڵانی (١٩٤٠ تا ١٩٤٥) دەقەکەی نووسیبێت، لەبەر ئەم هۆکارانە:

بەم پێیەبێت نووسەر لە دوای ساڵی (١٩٤٥) بەدواوە دەستی داوەتە نووسینی ڕیالیستانە و دوورکەوتووەتەوە لە هۆنراوە و شیعری ڕۆمانسییانە، کەواتە ئەم دەقە لەبەر ئەوەی دەقێکی ڕۆمانسییە، بەهەر جۆرێک بێت دەبێت پێش ساڵی (١٩٤٥) نووسرابێت، هەروەها ناوەرۆکی دەقەکە، خانووی بەرز و ئێسکارپین (پێڵاوی پاژنە بەرز) یاخود پاپوچ، دەرکەوتنی ئەمانیش بۆ سەرەتای چلەکان دەگەڕێتەوە، کەواتە دەبێت دەقەکە لە نێوان، ساڵانی (١٩٤٠ تا ١٩٤٥) نووسرابێت.

**لە درزی پچەوە**

**جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کات بەیانی،**

**ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمڕوانی:**

**بۆ سەوزایی دەور و پشتم، بۆ ئاسمان،**

**بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان ...**

**ئەڕۆیشتم: بە ئەسپایی، کش و مات،**

**لاشە سست و، دڵ کەیلی تاسە و ئاوات:**

**لەپڕ، نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی،**

**بەرامبەرم بەژنێک دەرکەوت: وەک پەری:**

**لەگەڵ ئەوەی لەعاباوە ئالابوو،**

**لە دیمەنی شیرینی ئاشکرابوو،**

**باڵا بەرز، بچکۆلە پێ و ئیسکارپین**

**گۆرەوی و پووز: سفت و سپی و ئاوریشمین!**

**ئەڕۆییم و دزەی نیگام جارجارێک،**

**لەژێر عابای ڕەشا ئەیدی نازدارێک:**

**بەڕەوتی کەو، لەنجەی تاوس و قومری**

**گورج گورج، جوان جوان ئەهات و جادەی ئەبڕی ...**

**مابووی بگاتە عاستم چەن هەنگاوێ،**

**درزی کەوتە پەچەو دیم نیگای چاوێ،**

**دەست و پەنجە، مەچەکێک، نیگایەک ...**

**(چی بنووسم؟ خوایە هێزی ئینشایەک!)**

**قۆڵ و مەچەک ساف و سپی وەک شووشە،**

**سەرپەنجەکان یاقوتێک بوون بەورشە،**

**بێنە سەرچاو: چاوێک .. بڵێم چ چاوێک؟.**

**کانیی سیحر، دەریای عیشوە، گێژاوێک،**

**کەوا کەوتە بەر شەپۆلی هەستی من،**

**لەوڕۆژەوە هەر نوقم ئەبێ بەرەو بن!**

... (دیوانی گۆران،ل٣٤)

**سەبارەت بە دەقە شیعری (چاوەڕوانیی بێ هوودە)ی (هەردی)[٢]:**

هەرچی ئەحمەد هەردییە، شاعیر خۆی لە دیوانەکەیدا ئاماژەی بە ساڵی نووسینی دەقەکە کردووە، کە لە ساڵی (١٩٥١) نووسیویەتی.

**چاوەڕوانیی بێ هوودە**

**هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژن و باڵایە**

**لەسەر ڕێدا ئەوەستم من، هەتاکو ئاوی پێم دایە**

**بەدووچاوێ کە شەوقی چاوەروانیی ئەیتروکێنێ**

**بەدوو چاوێ کە سرِری قووڵی لاوێتیی، ئەدرکینێ**

**سەرنجی ڕێ ئەدەم، ڕیگا، هەموو شێوەی ئەوی تیایە**

**وەکو دنیا لەناو جوانیی ئەوا توابێتەوە، وایە**

**شنەی با، باسی جوانیی ئەو، بەگوێی مندا ئەچرپێنێ**

**هەموو دەرکەوتنی شوخێ، دڵی من دائەخورپێنێ**

**بەڵام خورپەی تەواوی دڵ لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە**

**کەسەرتاپا لەئاوازی بەهەشتی خواوە. پەیدایە**

**بەڵێ، کاتێ کە ئەو دەرکەوت، ئیتر من بێ سەروشوێنم**

**بەتیشکی خۆری جوانیی ئەو، بەجارێ قوڵپ ئەدا خوینم**

**وەکو چۆن نەونەمامێ، گەردەلوول ئەیبات و ئەیهێنێ**

**لەشم موچڕکی دڵداریی، وەها ناخی ئەبزوێنێ**

**ئەگەرچی وەک خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە**

**لە ئەندام و لەش و لاری بلند و ڕێکی ئاڵاوە**

**بەڵام کاتێ کە با چمکی عەباکەی لائەدا، تاوێ**

**ئەڕێژێ پووزی نایابی، لەسیحری خوایی، لافاوێ**

(ڕازی تەنیایی،ل٧٧ )

بەمەش ماوەی نووسینی نێوان دەقە شیعری (لەدرزی پچەوە)ی گۆران و (چاوەڕوانیی بێ هوودە)ی هەردی خۆی لە١٠ساڵ، یا کەمتر دەبینێتەوە، بۆ یەک کات و سەردەم و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەگەڕێنەوە کە هەردوو شاعیر تیایدا ژیاون، لەگەڵیشیدا هەردوو شاعیر لە نزیکەوە ئاگاداری یەکتربوونە، و گومانیشی تێدانییە لە نێوانیاندا کاریگەری و کارتێکردن دەبێت، بەم جۆرە هەردی ئاگاداری دیوانی (بەهەشت و یادگار)ی گۆران بووە، کە لە ساڵی (١٩٥٠) دا بڵاوکراوەتەوە، کاتێ کەوتووەتە ژێر کاریگەری دەقەکەوە ساڵێک دوای ئەمە لە ساڵی (١٩٥١)دا دەقە شیعری (چاوەڕوانیی بێ هوودە) دەنووسێت، لە ڕووی بیرۆکە و بابەتی دەقەکەوە، کە خۆی لە جوانیی ئافرەت دەبینێتەوە، دەکەوێتە ژێر کاریگەی دەقە شیعری (لەدرزی پچەوە)ی گۆران. لێرەدا ئەوەی پەیوەستە بە جوانیی ئافرەتەوە لەنێو هەردوو دەقەکەدا هەنگاو بە هەنگاو دەیانخەینەڕوو.

### ٢-١جوانیی ئافرەت لە نێوان هەردوو دەقەکەدا:

ئەوەی پەیوەستە بەجوانیی ئافرەت لە نێوان هەردوو دەقەکەدا، خۆی لە چەند خاڵێکی هاوبەشدا دەبینێتەوە، کە دەیسەلمێنێ لە نێوان هەردوو دەقەکەدا جوانیی ئافرەت لەیەک بیرۆکەوە هاتوون:

**١-جوانیی سروشت و جوانیی ئافرەت لە یەک کاتدا:**

جوانیی ئافرەت لای هەردوو شاعیر ئامانجە بە جۆرێک بە تەواوی لەگەڵ جوانییەکانی سروشت هەنگاودەنێت و هاوتەریبە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەنێو شاعیرانی ڕۆمانسیدا ئافرەت و سروشت وەک دوو ڕووی یەک دراو وان، یەکتر تەواو دەکەن، بەڵام دواتر تەواوی سەرنجەکان لە هەر دوو دەقەکەدا دەکەونە سەر جوانیی ئافرەت و سروشت پشتگوێ دەخرێت.

ئەگەرچی سروشت لای گۆران پێگە و بەهایەکی بەرزی هەیە، بە جۆرێک "گرنگترین لایەنەکانی شیعری گۆران سروشتە، خوێنەری کوردیش زۆربەی لە دەروازەی سروشتەوە خۆی دەکات بە ئاستانەی قەشەنگ و مەزنی گۆراندا و چاو بە کلی تابلۆ و وێنە ڕەنگینە کوردستانییەکانی دەڕێژێ" (مجید،١٩٩٠،ل٣٥)، بەڵام ئەو هەموو پێگە و پایەبەرزییەی سروشت لای گۆران بە تەنیا بە بینینی کچێکی جوان و شۆخ تەواوی بەهاکانی لەدەستدەدات، هەر بۆیە (ڕەفیق حیلمی) لەکتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)دا دەڵێت: "گۆران لە جوانیی تەبیعەت لە هەموو شاعیرانمان زیاتر (لەزەت) وەردەگرێ و سیحراوی ئەبێ لە ئاقار چاوە جوانەکانی کچێکا هەموو جوانییەکانی تەبیعەتی لەبیرئەچێتەوە، لە بەرامبەر شیرینێکی باڵابەرز"(حیلمی،١٩٨٨،ل١٦٠)، گۆران لەدەقە شیعرییەکەیدا بە دەسپێکێکی جوان, و بە وەسفی سروشت دەست پێدەکات، کە بە ئەسپایی و هێمنی ورد ورد بەڕێگادا هەنگاودەنێ و دەڕوانێتە سەوزایی و سروشتی ڕازاوەی دەوروبەری، تەواوی سەرنجەکانی لەسەر سروشتە، بەڵام هەرکە لەپڕ ئافرەتێک دەبینێت تەواوی سەرنجەکانی لە سروشتەوە دەگوازێتەوە بۆ ڕوخسار و لەش و لاری ئافرەتەکە، جوانیی سروشت لە بەرامبەر جوانیی ئافرەتەکە لای گۆران بەها جوانییەکەی لەدەستدەدا و دوای ئەمە تەواوی جوانییەکانی سروشت لەمێشکیدا دەسڕێنەوە، بەمەش دوای بینینی جوانیی ئافرەتەکە جوانیی سروشت لە ئارادا نامێنێ، کە دەڵێت:

**جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کات بەیانی،**

**ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمروانی:**

**بۆ سەوزایی دەورو پشتم، بۆ ئاسمان،**

**بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان ...**

**ئەڕۆیشتم: بە ئەسپایی، کش و مات،**

**لاشە سست و، دڵ کەیلی تاسە و ئاوات:**

**لەپڕ، نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی،**

**بەرامبەرم بەژنێک دەرکەوت: وەک پەری:**

(دیوانی گۆران،ل٣٤)

بەمەش دوای بینینی ئافرەتەکە سروشت ڕۆڵی خۆی لەدەستدەدات و جوانیی ئافرەتەکە تا کۆتایی دەقەکە دەست بەسەر دەقەکەدا دەگرێت.

ئەگەرچی پێگەی هەردی لە وەسفی سروشتدا ناگاتە ئاستی گۆران، بەڵام ئەویش وەک هەر شاعیرێکی دیکەی ڕۆمانسی کەم تا زۆر سروشت لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەهەمان شێوەی گۆران سروشت لای ئەویش پێگە و بەهایەکی بەرزی هەیە، جوانیی ئافرەت هاوشانی سروشت، لە دەقەکەدا هەنگاودەنێت، بەڵام ئەویش هاوشێوەی گۆران لە کۆتاییدا زیاتر لە جوانیی ئافرەت ورد دەبێتەوە، بە جۆرێک ئەو لای وایە هەموو ئەو جوانییانەی کە خودا لە سروشتدا خوڵقاندوویەتی، هەموویان تواوەی جوانی و ڕازاوەیی یارەکەیەتی، کە دەڵێت:

**سەرنجی ڕێ ئەدەم، ڕێگا هەموو شێوەی ئەوی تیایە**

**وەکو دنیا لەناو جوانیی ئەوا توابێتەوە، وایە** (ڕازی تەنیایی،ل٧٧)

ئەو کە سروشت بە جوانی دەبینێت لە سایەی جوانیی ئافرەتێکەوەیە کە شەوق و ڕووناکی بە دونیا دەبەخشێ.

**٢-وێنای ئافرەت:**

بەشێکی گرنگ لە جوانیی ئافرەتدا باریکی و ڕێکی بەژن و باڵایەتی، کە هەمیشە وەک سەرچاوەی وەسفی شاعیران خۆی دەبینێتەوە، گەر سەیری هەردوو دەقەکە بکەین دەبینین دەرخستنی وێنای جوانییە جەستەییەکانی ئافرەتێکی داپۆشراوی کوردی تەوقدراو بە نەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی هەردوو شاعیرە، ئافرەتێکی داپۆشراوی عەبا بەسەرە، بەژنێکی باریک و ڕیکوپێکی هەیە، وێنای ئافرەتەکە لای هەردوو شاعیر هەمان وێنامان پیشاندەدەن، ئەمەش خاڵێکی بەهێزە لە پەیوەندیی نێوان هەردوو دەقەکەدا:

گۆران دەڵێت:

**لەگەڵ ئەوەی لەعاباوە ئاڵابوو،**

**لەدیمەنی شیرینی ئاشکرابوو،** (دیوانی گۆران،ل٣٤)

ئەم ئەزموونی جوانی و خۆشەویستیی ئافرەتە لای گۆران، بۆ سەرەتاکانی تەمەنی هەرزەکاری دەگەڕێتەوە لەسەر زاری خۆی کە بۆ (محەمەدی مەلاکەریم)ی گێڕاوەتەوە: "دەوروبەری ساڵی ١٩١٨ کاتێک ئینگلیزەکان هەڵەبجەیان داگیرکرد، باوکم ئێمەی برد بۆ بیارە من دەستێک ڕانک و چۆخەی نوێم لەبەرکردبوو، پشتێنەکەم هەر زۆر سەرنج ڕاکێش بوو. لە یەکێک لە باخەکانی (چەمی خواجایی)دا کچێکی زۆر جوان بەلامدا تێپەڕی و گوتی پشتێنەکەت هەر زۆر جوانە، بۆ بەشی بەرە سوخمەیەکم لێ نادەیتێ؟ منیش

هـەر یەكسـەر وتـم: مـاچێكم بـدەرێ، ئەتـدەمێ"(جەعفـەر-حەمـەتۆفیق،٢٠٠٧،ل٤٦)، بەمەش گومانی تێدانییە كە جوانی ڕووكاری دەرەوەی ئافرەت هەر لەمنداڵییەوە لە خوێن و دەماری گۆراندا جۆش و خرۆشی هەبووە.

لـە دەقـە شـیعری (چـاوەڕوانیی بـێ هـوودە)ی هەردیـدا، شـاعیر وێنـای ئافرەتەكـەی لـەژێر كاریگـەریی دەقـی شـیعری (لـەدرزی پچـەوە)ی گۆرانـدا وەرگرتووە، ڕاستە سـەردەم و كاتی هـەردوو شـاعیر لەیەكەوە نزیک بـووە و لەیـەک ژینگـە و بـارودۆخی كۆمەڵایـەتیـدا ژیـاون، بـەڵام لێـک نزیكـی وێنـای ئافرەتەكە لای هەردوو شـاعیرەكە پێمـان دەڵێت: كە هـەردی لـەژێر كاریگـەریی گۆرانـدا نووسـیویەتی: كـە وێنـای ئـافرەتێكی بـەژن و بـاڵا ڕێكـی عـەبا بەسـەرە: دەڵێت:

**ئەگەرچی وەک خەیاڵی من عەبا دەوری لەشی داوە**

**لەئەندام و لەش و لاری بڵند و ڕێكی ئاڵاوە**

(ڕازی تەنیایی،ل٧٨)

ئەگەرچی ئەم جوانییە لای هەردی هەمان جوانییە كە لای گۆران دەبینرێ، بەڵام بەرگێكی تازەی وای بەبەرداكردووە كە هیچی لە دەقەكـەی گۆران كـەمتر نەبێت.

### ٣-گەڕان بەدوای جوانییە شاراوەكانی ئافرەتدا:

گەر بەوردی سـەرنج بدەین دەبینین نووسـەری هـەردوو دەقەكە بـەدوای جوانییێكەوەن، كە ئەوانی دیكە ناتوانن پەی پێ ببەن، ڕاستە هەردوو شاعیر ئەوە ناشارنەوە كە شـەیدای جوانیی ئـافرەتن بەگشـتی، بـەڵام لـەناو ئـەو جوانییەشـدا بەتایبەت بەدوای بەشـە بچـووک و شـاراوەكاندا دەگـەڕێن و زیـاتر سـەرەنجیان ڕادەكێشێ، بەتایبەت ئەو بەشە بچووكانـەی جەسـتەی ئـافرەت كـە دەركـەوتنیان لە كوردەواریدا ڕێگەپێدراو بووە، وەک دەست و مەچەک و پێیەكان، ڕوخسار و

دەرکەوتنی پاژنەپێ، کە هەمیشە جێی سەرنجی نێرینەکان بووە، لە ناویشیاندا شاعیران، چونکە ئەوان لەناو ئەو هەموو داپۆشراوییەدا هەر وەسفی ئەوەندەیان بۆماوەتەوە، ئەگینا، "ئەگەر پەچە و عەبا لادەن و جلی مۆدە و سەردەمییانە بپۆشن ئافرەتان لە هەسارەی زوهرە جوانترن" (الضمور،٢٠١١،ص٦٧). کاتێ باس دێتە سەر گۆران سەبارەت بە جوانیی ئافرەت، دەڵێین ئەوە گۆرانە لەناو هەزاران درک و زیدا جوانی گوڵێک دەقۆزێتەوە، کاتێ دەڵێت:

**گیانم بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە**

**کە لەژێر سێبەری توتڕکا خامۆشە** (دیوانی گۆران،ل٦٥)

بەهەمان شێوە لە دەقی (لەدرزی پچەوە)دا، خۆی لە خۆیدا "گەڕانی گۆران بە دووی ئەو شتە بچووک و هێمن و شاراوانەدا، گەڕانی ڕووحی تینوو و نەسرەوتی گۆرانە بەدوای دۆزینەوەی مانایەکی تازەدا بۆ شتەکان"(مەمەند،١٩٧٩،ل٢٤)، لە وەسفی ئافرەتدا سەیربکەین دەبینین لە تەواوی بەژن و باڵای جوانیی ئافرەتێکی بەعەبا داپۆشراودا بەشە بچووک و ناسک و جوانەکان دەدۆزێتەوە، کە دواجار بەهۆیانەوە بڕیار لەسەر جوانی و ڕەسنایەتیی ئافرەتەکە دەدات، بێگومان ئەم تایبەتمەندییەش تەنیا لە چاوی گۆران و ئەوانی وەک ئەو بەدی دەکرێت، چ چاوێک هەیە "جگە لە چاوی گۆران، لە پشت ئەو هەموو پەچە و عابایەوە، ئەو هەموو جوانی و وردەکارییە ببینێت؟ عابا و پەچە بۆ داپۆشین و شاردنەوەی جوانییە، کەچی چاوی ئەو، بۆ گەڕان بەدوای سەرابی دووری جوانییەکی شاراوە دایە" (جەعفەر-حەمەتۆفیق،٢٠٠٧،ل٤٩)، بەم شێوەیە لە دەقەکەدا گۆران لە وەسفی جوانیی ئافرەتدا لە گشتەوە بەرەو تایبەتییەکان شۆڕدەبێتەوە:

- جوانیی ئافرەت بە گشتی: لە سەرەتادا ئافرەتێک دەبینێت، کە لەژێر عەبای ڕەشدا شاردراوەتەوە، بەڵام گۆران هەر لە بینینی بەژن و باڵایەوە لە جوانیی ئافرەتەکە دڵنیادەبێتەوە، چونکە "بەرزی بەژن و

بالآی ژنان، له شیعری زۆربەی شاعیراندا بەوجۆره ڕۆیشتووه، که دەلالەتی جوانی و ڕازاوەیی ئەوه"(یاسینی،١٣٩٣،ص١٤٤)، لەم بارەوه گۆران دەڵێت:

**ئەڕۆییم و دزەی نیگام جارجارێک،**

**لەژێر عابای ڕەشا ئەیدی نازدارێک:** (دیوانی گۆران،٣٤)

گۆران نیگاکانی بەرامبەر جوانیی ئافرەت له هیچ هەلومەرجێکدا له دەست نەداوه بگره له چەند چرکه ساتێکدا بوونی تەنیا نیگایەکی وەسفێکی جوانی خولقاندووه، بەتەنیا نیگایەک جوانیی ئافرەتەکەی هەڵسەنگاندووه، ڕاسته لەژێر عەبا داپۆشراوه، بەلام ئەوه چاوی گۆرانه لەژێر عەبای ڕەشیشدا ئافرەته نازدارەکان دەناسێتەوه.

- وردبوونەوه بەناو جوانییه تایبەتییەکاندا: پاش ئەوەی بۆی ڕوون بۆوه که ئافرەتێکی جوانه بەگشتی، بەوه ناوەستێ دەیەوێت بزانێت، که تاچەند جوانییەکەی ڕەسەن و دانسقەیه، بۆ ئەم مەبەستەش پێوەری هەیه، چاوی ئەو به تەنیا به بینی جوانییه گشتییەکان ئاوی نەخواردووەتەوه، بگره ئەوه گۆرانه "هەمیشه شەیدای جوانی بووه، وێڵی دوای دۆزینەوەی جوانییەکی شاراوه بووه"(سالح،٢٠١٢،ل١٤٢)، دەڵێت: ڕاسته بالآبەرزه قبوڵمه ئەمه سیفەتی ئافرەتی جوانه، بەلام پێی بچووک و سپی و نەرمی و سفت و لووسیش لای من پێوەره، بۆیه دەیەوێت بیاندۆزێتەوه.

**بالآ بەرز، بچکۆله پێ و ئیسکارپین**

**گۆرەوی و پووز: سفت و سپی و ئاوریشمین!**

(دیوانی گۆران، ل٣٤)

گۆران نیشانەکانی ئافرەتی جوان و ڕەسەن دەناسێتەوە، ئەو لای ڕوونە کە یەکێ لە سیفەتە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی ئافرەتی جوان و بەرچاو خۆی لە (پێی بچووک و گۆزینگی جوان و پاشنە پێی لووس و خڕ)دا خۆی دەبینێتەوە.

گەر سەرنج بدەین دەبینین ئەحمەد هەردیش لە دەقەکەیدا خۆی دان بەوە دادەنێت، کە ڕۆژانە چۆن لەسەر ڕێگای یارەکەیدا وەستاوە و خۆی مەڵاسداوە بۆ تەنیا نیگایەک تا لەژێر تیلمەی عەباوە جوانی ئافرەتەکە ببینێ، کە شەیدای جوانییەکەیەتی، لەو گۆشە بچووکەوە دونیایەکی ڕازاوەی لە عیشق و خۆشەویستی و جوانی بنیادناوە- بێگومان ئەمەش لە جۆری تێڕوانین و بینینی چاوەکانی (هەردی)یەوە بەڕوونی دەردەکەوێت، کەچۆن شوێن پێی گۆرانی هەڵگرتووە، هاوشێوەی ئەو لەناو هەموو جوانیە داپۆشراوەدا، سوچێکی بچووک دەدۆزیتەوە تا لەوێوە جوانییە تایبەتییەکانی ئافرەتەکە بدۆزێتەوە، دەڵێت:

**بەڵام کاتێ کە با چمکی عەباکەی لائەدا، تاوێ**

**ئەڕێژێ پووزی نایابی، لەسیحری خوایی، لافاوێ**

(ڕازی تەنیایی، ل٧٨ )

هەردیش نەک هەر هەلەکان لە دەست نادات بۆ بینینی جوانییە شازەکان، بگرە ئەو هەمیشە لە چاوەڕوانیدا دەمێنێتەوە، بۆ سەرنجێکی بروسکە ئاسا (گۆزنگێک و پاژنە پێیەک)، کە بە جوانییە تایبەتییەکانی ئافرەت دادەنرێن.

**٤-جوانیی ئافرەتەکە جوانییەکی ئیلاهییە:**

گۆران وەسفی یارەکەی دەکات و بە پەری دەچوێنێ و پێیوایە ئەوە یارەکەیەتی لەناو ئەو هەموو عەبا ڕەشەدا ئاوا دەبریسکێتەوە، جوانییەک لەژێر عەبای ڕەشا ئاوا خۆی بنوێنێ دەبێت مرۆڤ نەبێت، بەڵکو گۆران ئەو جوانییە بۆ فریشتە و پەرییەکانی خودا دەگەڕێنێتەوە: دەڵێت:

**لەپڕ، نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی،**

**بەرامبەرم بەژنێک دەرکەوت: وەک پەری:**

(دیوانی گۆران، ل٣٤)

ئافرەتێک بە جوانییەکەی، شاعیرێکی جوانیناسی وەک گۆران ئاوا سەرسام بکات، گومانی تێدانییە کە جوانییەکە جوانییەکی ئیلاهییە، کە خودا ئەو جوانییەی بەو ئافرەتە بەخشیوە.

ئەم جوانییە لای هەردیش هەمان شتە، دەڵێت:

**بەڵام خورپەی تەواوی دڵ لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە**

**کە سەرتاپا لەئاوازی بەهەشتی خواوە. پەیدایە**

(ڕازی تەنیایی، ل٧٧)

هەردی پێیوایە لارولەنجە و هەنگاونانی یارەکەی ئاواز و مۆسیقای لە بەهەشتی خواوەیە، خودا بەتایبەت پێی بەخشیوە، دەبێت ئەوە بزانین هەموو هەنگاونان و لارولەنجەیەک لە هەموو ئافرەتێک جوان نییە، سیفاتی ئافرەتە جوان و ڕەسەنەکانە، بەهەشتی خواش تەنیا جێگەی جوانی تێدادەبیتەوە لە چەشنی ئەو پەریەی کە گۆران باسی دەکات.

**٥-وەسفی جوانیی لاشەی ئافرەتەکە ئارەزوویەکی چەپێنراوە:**

بۆ لێکدانەوەی ئەم خاڵە هاوبەشە لە نێوان هەردوو دەقەکەدا، پێویستە بە پێی تیۆری دەروونشیکاریی فرۆید کە پێی وایە داب و نەریت و عورف و یاسا باوەکانی کۆمەڵگە کاتێ دەبنە ڕێگر لەبەردەم تێرکردنی ئارەزووەکاندا، ئەوا جارێکی دیکە لە نەستەوە (نائاگای) خۆیان دەردەخەنەوە لە ڕێگەی (خەون یا نووسن)ەوە ئازاد دەبن، بۆیە "هونەرمەند لە هونەرەکەیدا جیهانێک بنیاد دەنێ، تا

ئارەزووە چەپێنراوەکانی خۆی تێدا بخاتەڕوو"(عباس،١٩٩٨،ص٣٦٣)، بەڵام ئەم ئارەزووە چەپێنراوە کاتێ ئازاد دەبێت, لە نووسیندا بە ئاسانی ناناسرێتەوە، چونکە "ئارەزووی قەیراناوی لە ناخودئاگاوە بەرەو خودئاگا دەکەوێتەڕێ بە جۆریک دەردەکەوێ کە ناناسرێتەوە و شێوەی خۆی گۆڕیوە، چونکە ئارەزووەکە پێشتر چەپێنرابوو"(فرۆید،٢٠٠٧،ل٨٠)، بۆیە فرۆید حەز و ئارەزووەکان ناودەنێ (ئەو) کە هیچ یاسا و ڕێسایەک ناناسێ، هەموو هەلی گەیشتنە بەخۆشی و چێژ، کە لەژێر دەسەڵاتی (من) دایە، کە دوای (ئەو) دێتەگۆڕێ خودی کەسەکەیە، کە پێداگرە لەسەر عەقڵ و لۆژیک، کە سنوور بۆ (ئەو) یا ئارەزووەکان دادەنێت، هەرچی (منی باڵا)یە لە دەرەوەی مرۆڤدایە، سەرجەم نەریت و یاسا سەپێنراوەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە، هەر ئەویشە مرۆڤ یاخود (من) بە نەریتەکانەوە پەیوەست دەکات.

بەم شێوەیە هەردوو شاعیر (گۆران و هەردی) وەک دوو تاکی نێو کۆمەڵگەی کوردی، کە سەرتاپای بە یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان تەنراوە، بێگومان ئەوانیش لە تەمەنی لاویەتیی خۆیاندا دنیایەک لە حەز و ئارەزووی چەپێنراویان هەبووە، کە کۆمەڵگە بەسەریدا سەپاندوون، بەڵام دواجار لە نائاگاییەوە لە هەردوو دەقەکەدا خۆیان دەربازدەکەن، بۆیە گەر سەیربکەین دەبینین مەبەستی هەردوو شاعیرەکە لە وەسفی جوانی زیاتر لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو ئارەزووانەیە بەرانبەر بە جەستەی ئافرەت، کە کۆمەڵگە ڕێگەیان نادات دەستی بۆ بەرن، ئەمە بەڕوونی لای گۆران دیارە، چونکە گەر سەرنجی دەقەکەی گۆران بدەین سەبارەت بە جوانیی ئافرەت دەبینین "یەکیک لەتایبەتمەندییەکانی گۆران لەگەل شاعیرانی تردا ئەوەیە گۆران زیاتر بە هەستەکانییەوە پەیوەستە بەتایبەت هەستە جەستەییەکان" (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ل٨٩)، هەر پێنج هەستەکەی مرۆڤ لای گۆران بۆ سوود وەرگرتنە لە دەستلێدان و بیستن و تام و بۆن و بینینی جوانیی ئافرەت، چونکە بیرمان نەچێت "گۆران حەزی لە گشت ئافرەتێکی قەشەنگ و جوان کردووە و هەمیشە تینووی زەریفییان بووە و تاماوە ئەم تینوویێتییەی نەشکاوە"(احمد،١٩٩٠،ل٢٣٣)، ئەمە نەک بە تەنیا بۆ گۆران ڕاستە، بەڵکو بۆ هەموو لاوێکی کوردستانی سەردەمی گۆران

بەڕاست دەکەوێتەوە، کە لەناو یاسا و نەریتەکانی ئەوسای کوردستاندا سەرجەم ئارەزووەکانیان خەفەکراوە، وەک لە دەقەکەیدا دەڵێت:

**ئەڕۆیشتم بە ئەسپایی، کش و مات،**

**لاشە سست و دڵ کەیلی تاسە و ئاوات!**

(دیوانی گۆران، ل٣٤)

گۆران ئەوە ناشارێتەوە بەرلەوەی ئافرەتەکە ببینێت دڵی پڕ لە هیوا و ئارەزووی بەدینەهاتوو بووە کە لە خودی خۆیدا کپکراوە، بۆیە بە بینیی ئافرەتێکی ژێر عەبای ڕەش کە نەیتوانیوە پێی بگات، ئەویش وەک هەر ئارەزوویەکی دیکە لە ناخیدا هێڵدراوەتەوە و تاماوە نەگەیشتووە بەو لەش و لارە، دەڵێت:

**کەوا کەوتە بەر شەپۆلی هەستی من،**

**لەو ڕۆژەوە هەر نوقم ئەبێ بەرەو بن!**

(دیوانی گۆران، ل٣٤)

گۆران لەو ڕۆژەوەی ئەو ئافرەتەی دیوە هەر ئاهی هەڵکێشاوە بۆ گەیشتن بەو جوانیەی، لەپێناو پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە لەسەر زاری (هۆگر)ی کوڕی کە دەڵێت: "یەکێک شیعرەکانی دەخوێنێتەوە، وا دەزانێ خەریکی ئافرەت بووە و داوێن پیس بووە، بەڵام لەناو کۆمەڵدا زۆر شەرمن بووە" (جەعفەر-حەمەتۆفیق،٢٠٠٧، ل٩٣)، بەمەش گۆران ئەوەندەی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی (من) کە خۆی لە خودی گۆران دەبینێتەوە، بەرامبەر بە ئافرەت چەند شەرمن بووە، ئەم شەرمنییە بووەتە ڕێگر لەبەردەم بەدیهێنانی ئارەزووەکانیدا، بێگومان خودی گۆرانیش لەژێر کاریگەریی (منی باڵا) واتە یاسا و نەریتە باوەکاندا

شەرمنییەکەی زاڵبووە بەسەریدا، بۆیەشە کاتێ ئافرەتەکە لێی نزیکبۆتەوە گۆران خۆی لە دەستداوە و تەواو پەرتەوازە بووە، کە دەڵێت:

**دەست و پەنجە، مەچەکێک، نیگایەک ...**

**(چی بنووسم؟ خوایە هێزی ئینشایەک!)**

(دیوانی گۆران، ل٣٤)

ئەمە گوزارشتە لەوەی کە (من) و (منی باڵا) ئەوەندە زاڵبوون بەسەر شاعیرەوە، کە هەمیشە لەبەردەم ڕەگەزی بەرامبەر شەرمن بووە، ئەم شەرمنییەش وای لە نووسەر کردووە لەبەردەم جوانیی ئەو ئافرەتەدا کۆنترۆڵی خۆی لە دەست بدات، نەتوانێت قسەیەکی بۆ نووسین و وتن بێتە سەر زار, بەشێکی دیکەشی پەیوەست بووە بەوەی کە "گۆران لە تەمەنێکی کەمدا بەناچاری هاوسەرگیری کردووە، وا دەردەکەوێ هیچ حەز و ئارەزوو و خۆشەویستییەکی بۆ ئەو ئافرەتە نەبووبێ، لەوانەیە هۆکارەکەشی ئەوە بووبێ ئەو جوانییەی تێدانەبووە، کە لە خەیاڵی گۆراندا وێنای کراوە، گۆرانی هەستیار (ئاشقی سروشت و جوانی) ئەم هاوسەرگیرییە بۆی بووە بە گرێیەکی دەروونی"(حسن،٢٠١٢، ص٢٧) هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی هەموو ئارەزووە چەپێنراوەکانی جارێکی دیکە لە نووسینەکانیدا ڕەنگبدەنەوە بەتایبەتیش لە دەقی (لەدرزی پچەوە).

هەرچی ئەحمەد هەردییە لەو کاتەدا تەمەنی (٢٩)ساڵان بووە، بێگومان لە هەڕەتی لاویەتیدابووە بەهەمان شێوەی گۆران پڕاوپڕبووە لە ئارەزووی بەدینەهاتوو، هەرخۆشی نایشارێتەوە لە ناونیشانی دەقەکەیەوە دەیخاتەڕوو، کە هەموو ڕۆژیک لە چاوەڕوانی ماوەتەوە تا پێی بگات، بەڵام ئەو ئارەزووەشی وەک هەمان ئارەزووەکانی دیکەی بێ هوودە ماوەتەوە، ئەگەرچی (تریفە عومەر) لە توێژینەوەکەیدا سەبارەت بە دەقە شیعرییەکەی هەردی بەم جۆرە دواوە: "شاعیر بەردەوام چاوەڕوانی بینینی بووە، وێنەی خۆشەویستەکەی لە

ڕووحیدا وێنەیەکی چەسپاوی لەنێو چاویدا دروستکردووە، بەچەشنێک هەموو ئەو ڕێبوارانەی بەوێدا گوزەریان کردووە بە هەمان شێوەی ئەوی بینیووە"(عومەر،٢٠٠٧، ل٥١)، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە پێمانوایە پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە نووسەر تاکێکی چەپێنراوی نێو کۆمەڵگەکەی بووە، وای لە شاعیر کردووە ڕۆژانە لە چاوەڕوانیدا بەسەرببات، تا ئەگەر کەمێکیش بێت ئەو لەژێر تلمەی عەباوە ببینێت، بۆیە هەرچی بەوێدا هاتووە خورپەی خستووەتە دڵی شاعیرەوە وایزانیوە یارەکەیەتی، ئەمە ژیانی عاشقان و خۆشەویستانی کوردستان بووە لەو سەردەمەدا، بگرە تاڕادەیەک ئێستاش، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ پیرێکی (٩٠) ساڵانی شاری کۆیەدا بەناوی (مام عەبدوڵا) قسەمانکرد، وەک گەنجێکی ساڵانی پەنجا، دەربارەی بەدیهێنانی ئارەزووەکانی تەمەنی گەنجیی خۆی بەمجۆرە دوا "کاتی خۆی جاری واهەبووە تەنیا بۆ ماچێک چەندین دیوار و سەربانمان دەبڕی، لە کاتیکدا دەمانزانی گەر بگیرێین سزاکەمان کوشتنە"(عەبدوڵلا،٢٠١٨؟) ئەمانە بۆ هەردیش ڕاستە، کە دەڵێت:

**شنەی با، باسی جوانیی ئەو، بەگوێی مندا ئەچرپێنێ**

**هەموو دەرکەوتنی شۆخێ، دڵی من دا ئەخورپێنێ**

(ڕازی تەنیایی،ل٧٧)

هەردی نایشارێتەوە کە هەموو ئافرەتیکی شۆخ خورپەی دەخاتە دڵەوە، بێگومان ئەو گەنجە بۆ ئەو شتێکی ڕاستە، هەردییەکی تەوقدراو لە یاسا و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی کوردەواری و هەردییەکی چەپێنراو لە گشت حەز و ئارەزووەکانی، ئەمە بۆ ئەو شتێکی ئاساییە کە هەموو ئافرەتێک و هەموو جوانێک سەرنجی ڕابکێشێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دەخاتەڕوو بەهەمان شێوەی گۆران کاتێ ئەو دەبینێ لە بەردەمیدا خۆی وندەکات و کۆنترۆڵ لەدەست دەدات: دەڵێت:

**بەڵێ! کاتێ کە ئەو دەرکەوت، ئیتر من بێ سەروشوێنم**

**بە تیشکی خۆری جوانی ئەو، بەجارێ قولپ ئەدا خوێنم**

(ڕازی تەنیایی،ل٧٧)

هەردی بێئاگایە لەوەی کە چۆن تەواوی ئارەزووە چەپێنراوەکانی خۆی دەخاتەڕوو کە خۆی نایانناسێتەوە، ئەوەندە تامەزرۆی بینینی ئافرەتێکە ڕۆژانە لە ڕێگادا بۆی دەوەستێ، کاتێ دەریش دەکەوێ وەک هەرزەکارێک بەرامبەری سەری لێدەشێوێ و دەماری حەزە جەستەییەکانی قوڵپ دەدەن و ناتوانێ دان بەخۆیدا بگرێت.

جگە لەمانە (د. کەمال میراودەلی) لەکتێبی (هەردی و ڕۆمانسیزمی خود) دەربارەی ئەو شیعرە, هەردی وەک سۆفییەکی عاشق نیشانداوە. کە بە بینینی یارەکەی دەکەوێتە حاڵی سۆفیانەوە (میراودەلی،٢٠٠٧، ل٧٥)، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە، هەردی لە ڕازی تەنیاییدا، لەو پەڕی تەمەنی لاوی و ٢٩ساڵان بووە، پڕ لە شەهوەت و ئارەزوو ئەمە کارێکی قورسە بکەوێتە ئەو عیشقە ڕووحیەوە، جگە لەمەش لە دێڕەکانیدا خۆی دان بە هەمووشتێک دادەنێ، ئەمە ڕەنگە بۆ شاعیرێکی موتەدەین و بەساڵاچوو ڕاست بێ، شاعیر دەڵێت:

**وەکو چۆن نەونەمامێ، گەردەلوول ئەیبات و ئەیهێنێ**

**لەشم مەچڕکی دڵداری، وەها ناخی ئەبزوێنێ!**

(ڕازی تەنیایی، ل٧٧)

هەردی خۆی بە نەمامێکی تازە دەچوێنێ کە خۆی لەبەرامبەر ئارەزوو هەستە دڵدارییەکانیدا ناگرێت.

**٢-٢ دەستەواژەی هاوبەش:** ئەگەرچی لەهەردوو دەقەکەدا (لەدرزی پچەوە) و (چاوەڕوانیی بێ هوودە) لە نێوان گۆران و هەردیدا نزیکی و لێکچووی زۆر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ دەستەواژەی لێکچوو و دووبارە لە نێوان هەردوو دەقەکەدا بەڕوونی دەبینرێت وەک:

| لەدرزی پچەوە | چاوەروانیی بێ هوودە |
|---|---|
| بەژنێک | بەژن و باڵا |
| باڵا بەرز | لەش و لاری بڵند |
| عابا – ئاڵابوو | عەبا – دەوری لەشی داوە – ئاڵاوە |
| چەند هەنگاوێک | هەنگاوی ئەو |
| گۆرەوی و پووز | پووزی نایاب |
| کانی سیحر | سیحری خوایی |
| درزی پچە | چمکی عەبا |
| گێژاوێک | لافاوێ |

**ئەنجامەکان:**

١- هەردی ئاگاداری دیوانی (بەهەشت و یادگار)ی گۆران بووە, کە لە ساڵی (١٩٥٠)دا بڵاوکراوەتەوە، کاتێ کەوتووەتە ژێر کاریگەریی دەقەکەوە، ساڵێک دوای ئەمە لە ساڵی (١٩٥١)دا دەقەکەی دەنووسێت، کە لەژێر کاریگەریی دەقە شیعری (لەدرزی پچەوە)ی گۆرانە.

**٢-** هەردوو دەقەکە هەمان ئافرەتمان نیشاندەدەن، کە ئافرەتێکی کوردی عەبا بەسەری نازادار و شۆخ و شەنگە، کە جوانییەکەی بۆ سەرچاوەی ئیلاهی دەگەڕێننەوە.

**٣- وەسفی جوانیی ئافرەت لای هەردوو شاعیر وەسفێکی ڕووکەشی جەستەییە، لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو حەز و ئارەزووانەیە کە هەردوو شاعیر لە ژیانی ڕاستەقینەیاندا نەیانتوانیوە پێی بگەن.**

٤- دووبارەبوونەوەی کۆمەڵێک دەستەواژەی هاوشێوە و چوونیەک لەنێو هەردوو دەقەکەدا، کە دەیسەلمێنن لە نێوانیاندا پەیوەندی و نزیکایەتی هەیە.

**پەراوێزەکان:**

**١-** ناوی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی سلێمان بەگە لەبنەماڵەی (کاتب فارس)ە، لەنێوان سالانی (١٩٠٤-١٩٠٥) لە شاری هەڵەبجەدا لەدایکبووە، لە ڕۆژی (١٩٦٢/١١/١٨) دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشی شێرپەنجەدا دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت.

**٢-** هەردی ناوی تەواوی (ئەحمەدی کوڕی حەسەن بەگی کوڕی عەزیز بەگی کوڕی کەریم بەگزادە)یە، لەساڵی (١٩٢٢) لەشاری سلێمانیدا لەدایکبووە، لەساڵی (٢٠٠٦/١٠/٢٩) بۆ دواجار ماڵاوایی لەژیانکرد

**سەرچاوەكان:**

**کتێب کوردی**


- احمد، فواد حسين(١٩٩٠)، ئافرەت لەهۆنراوەی كوردی دا، مطبعه الجاحظ, بغداد.
- جەعفەر- حەمەتۆفیق، ڕیبوار(٢٠٠٧)، گۆران لەیادەوەری هاوچەرخەکانیدا، چ.١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- حیلمی، رەفیق(١٩٨٨)، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، ب. یەکەم، چاپخانەی خویندنی باڵا، هەولێر.
- ساڵح، ئاوارە کەمال(٢٠١٢)، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پڕاکتیزەکردنی لەشیعرەکانی گۆراندا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عەبدوڵڵا، پێشڕەو(٢٠١٣)، دەروونشیکاری شیعر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- عەزیز، ئەحمەد حەسەن(١٩٨٤)، ڕازی تەنیایی، چاپخانەی زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.
- فرۆید، سیگمۆند(٢٠٠٧)، پێنج وانە لەدەروونشیکاری، و. سەباحی مەلا عەولا، چاپ و بڵاوکراوەی ئاوێز.
- گۆران، عبدلله(١٣٨٦) دیوانی گۆران، چاپ سێیەم، نشر پانیز، تهران.
- مجید، فاضل(١٩٩٠) سروشت لە شیعری گۆران دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی ئاداب.
- مەلاکەریم، محەمەد(١٩٨٠)، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، مطبعه المجمع العلمی العراقی، بغداد.
- میراودەلی، کەمال(٢٠٠٧)، هەردی و ڕۆمانسیزمی خود، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.

**گۆڤار کوردی**

- عبدالکریم، حەیات سەعید(٢٠١٧)، هاوسەنگی ئەدەبی بەنموونەی شیعری نالی، ئەدەب، حەریق، قانیع، فەنایی، گ.زانکۆی کۆیە، ژ.٤٣.
- عومەر، تریفە(٢٠٠٧)، خۆشەویستی لە(ڕازی تەنیایی)ئەحمەد هەردیدا، بەپێی تیۆری دەرونشیکاری، گ.ئایندە، ژ-٧٠.
- مەمەند، کەمال(١٩٧٩)، ئافرەت و جوانی لەشیعری گۆراندا، گ. نووسەری کورد، ژ-١.

**کتێب عەرەبی**

- الأمدي, أبو القاسم الحسن(١٩٩٤)الموازنة بين أبي تمام و البحتري ,ج,٣ط٤,دار المعارف,مكتبة الخانجي.
- الضمور، يوسف عبدوالمجد فالح(٢٠١١)، صورة المرأة في شعر خليل مطران، رسالة الماجستر، جامعة مؤتة.
- حسن, لطيف محمد(٢٠١٢) الطبيعة بين السياب و گوران، اتحاد الأدباء الكرد, مطبعة ڕۆژهەلات، اربيل.
- عباس، راوية عبدالمنعم(١٩٩٨)، الحس الجمالی و تاريخ الفن، ط.١، دار النهضة العربية الطباعة و النشر، بيروت.
- مبارک, زکی(٢٠١١) الموازنة بين الشعراء، مؤسسة هنداوی لتعليم و الثقافة، ط.٢،قاهيره.

**کتیب فارسی**

- زرين کوب, عبدالحسين(١٣٦١)نقد ادبی، جلد اول، چاپ سوم، انتشارات امير کبير، تهران.

- شمیسا, سیروس(١٣٩٤) نقد ادبی, چاپ سوم، چاپخانه روحانی، تهران.
- گرین،ویلفرد-ارل،مورگان-لی،ویلبنکهم،جان(١٣٨٣)مبانی نقد ادبی، ترجمه فرزانه طاهری، چ٣، چاپخانه نیلوفر، تهران.
- فرشیدورد، خسره‌و(١٣٦٣)نقد ادبی، چاپ: اول، چاپخانه امیر کبیر، تهران.

**گۆڤاری فارسی**

- اصلانی، محمد رضا(١٣٩٥) کمدی کهن.

https://rasekhoon.net/article/amp/show/1257490/%DA%A9%D9%85%D8%AF%DB%8C%D-A%A9%D9%87%D9%86

- بهبهانی، سروناز(١٣٨٨) سایه روشن های حضور زنان در شعر فارسی، مجله گزارش، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی-پرتال جامع علوم انسانی، سال نوزدهم، شماره٢١٦.

http://ensani.ir/file/download/article/20120828111243-4055-2534.pdf

- عطاش، عبدالرضا- سپار،الهه پی(١٣٩٢)، سیمای زن در شعر نزار قبانی و فروغ فرخزاد، مطالعات ادبیات تطبیقی، سال هفتم، شماره ٢٧.

http://clq.iranjournals.ir/article_5617.html

- مکاریا، مرضیه(۱۳۹۲) زن در شاهنامه فردوسی و ایلیاد و ادیس هومر، رشد آموزش زبان و ادب فارسی، شماره ۱۰۵.

http://ensani.ir/file/download/article/20130623091322-9552-132.pdf

- یاسینی، سیده راضیه(۱۳۹۳) بررسی تطبیقی تصویر زن در ادب فارسی و نگارەهای ایرانی، مجله پژوهش نامه زنان، دوره پنجم، شماره دوم.

https://www.sid.ir/fa/journal/ViewPaper.aspx?id=234027

**چاوپێکەوتن**

- حسین، هیمداد(۲۰۱۸/۱۱/۹)
- عبدوڵا، عزیز احمد(۲۰۱۸/۱۰/۲۸)

**ملخص:**

هذا البحث عنوانه (جمال المرأة بين گوران و احمد هردي) في النص شعري (له درزى پەچە و چاوەڕوانى بێ هودە), وهو دراسة أدبية في الموازنة بين الشاعرين, وهو مقسم على قسمين, في قسمه الأول نتطرق الى تأريخ مختصر في الموازنة الأدبية ثم نعرج الى تعريف الموازنة و مفهومها مع ذكر جمال المرأة و انعكاساته في النصوص الأدبية, وفي قسمه الثاني نذكر النقاط المشتركة أو القريبة المتعلقة بجمال المرأة في النصين بصورة تطبيقية, وفي نهاية البحث نسجل النتائج التي توصلنا اليها بصورة مركزة, ثم نكتب ملخص البحث باللغتين الأنكليزية و العربية مع قائمة المصادر و المراجع .

**Abstract:**

This study is titled "The beauty of females between Goran and Ahmad Hardi" in two poetic texts "le drzi piçewa, and çawerwani bé hude". This study is connected to the literary balances which consists of and introduction and two chapters. Chapter one is devoted to the historical background of the topic, the concept and the definition of the literary balances, and the beauty of females and its reflections in literature in addition to the consideration of the concept of impact and influence among the concerned texts. Chapter two consider the points of similarities, closeness, and relations connected to the beauty of females to be applied on the concerned texts This study ends with the most important concluding points, and the list of used references.